

**غولام ڕەزا ئەرکەوازی**

# بەشی پازدەمین

## غولام ڕەزا ئەرکەوازی ١٧٧٥-١٨٤٠

### ژیانی شاعیر

ناسین و ناوبانگی ئەم شاعیرە لەلایەن خەڵکی ئەو ناوچەیەی شاعیری تێدا ژیاوە کارێکی ئاسایی بووە، بەڵام لە هەرێمەکانی دیکەی کوردستانی پان و بەرین و، لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا پەردەی نادیاری بەسەر ژیان و ئەدەبی داکێشرابوو و ئەوەندە ناسراو نەبوو. لەم دواییەدا زاهیر سارایی کتێبێکی بەنرخی بڵاوکردەوە بەناوی «شاعر قلەهای آلود» لە تاران لە ساڵی ١٣٧٩ (٢٠٠٠م)دا چاپکراوە، بریتییە لە مێژووی ژیان و لێکدانەوە و ساغکردنەوەی شیعری غولام ڕەزا ئەرکەوازی شاعیری بەناوبانگی ئیلامی، ئەم سەرچاوەیە یارمەتییێکی زۆری هەبوو بۆ نووسینەوەی ئەم بەشە.

غولام ڕەزا ئەرکەوازی کوڕی حەسەن بەگ کوڕی میرزا بەگ کوڕی میەسم کوڕی ئەحمەد قولییە، لەناو خەڵکی بەغولام ڕەزا خان ئەرکەوازی و، غولام ڕەزا ئەرکەوازی ئیلامی ناسراوە، لە هەندێ شیعریدا نازناوی «غولام»ی بەکارهێناوە.

غولام ڕەزا لە ساڵی ١٧٧٥ لە ئاوەدانی «سەرچەفتە» کە بەشێکە لە ناوچەی «بان وێزە»ی سەر بەشارستانی ئیلام لەدایکبووە. جێی لە دایکبوونی شاعیر نزیکی سنووری عیراقی ئێستایە، دەشتێکە شاخەکانی باوەیاڵ و سەروێشە و هانی سەونز و بەلەوان دەوریان داوە.

ئەرکەواز یەکێکە لە عەشرەتە گەورەکانی کورد، هۆز و تیرە و بنەماڵەی زۆرە، لەبەر ئەوە بەیەکێتیی عەشایەر دەژمێررێ. غولام ڕەزا لە تیرەی «میەسم»ە، ئەم «میەسم»ە باپیری باوکی غولام ڕەزایە یەکێکە لە بنەماڵە و تیرە گەورەکانی ئەرکەواز.

ئەرکەوازی لە بنەماڵەیێکی خوێندەوار و دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتوو پەروەردە بووە، حەسەن بەگ باوکی مەلا و خاوەن دەست و قەڵەم بووە، غولام ڕەزا سەرەتای خوێندنی لەلای باوکی و مەلا و میرزایانی ئەو سەردەمە بووە. لە قۆناغی ناوەندی ژیانی خوێندەواری گەشتی نەجەف و کەربەلای بووە. ئەو شارانە ئێستا و ئەوساش نێوەندێکی گرنگی قوتابخانەی ئایینی ئایینزای شیعە بوون، لەو دەسگا زانستی ئایینییانەی شیعە قورئان و حەدیسی خوێندووە، شارەزای زانستییەکانی ئایینی ئیسلام و ئایینزای شیعە بووە، بەڵام قوتابییێکی ڕەسمی دەسگا زانستییەکانی نەجەف و کەربەلا نەبووە و، لەو جێیانە هەموو قۆناغەکانی خوێندنی تەواو نەکردووە

ئەرکەوازی وەک کوڕی بنەماڵەیێکی دەوڵەمەند لە منداڵییەوە فێری گەلێ کردەوە و جموجۆڵی کراوە کە لەگەڵ ڕەوشتی چینی ئورستوکراتی سەرەوەی کۆمەڵ بگونجێ، وەکو سوارچاکی و بەکارهێنانی چەک و سیلاح، پسپۆڕی لە تیرەندازی، بەشداریکردن لە جەنگ، لەمەوە هەلی بۆ ڕێکەوتووە مەشقی



جەنگاوەری بکا و ڕاووشکار مایەی پشوودان و سەردەمی سەیرانی بووە، ئەمە ڕێگەی بۆ خۆشکردووە شارەزایی لە دروستکردن و ڕێکخستنی ئەو چەک و سیلاحانە هەبێ لە ڕووی پیشەسازی و چاککردنەوەیانەوە، بەتایبەتی هەموو کارێکی پێوەندی بەپیشەی چەخماغسازییەوە هەیە.

بێ گومان ئەرکەوازی سەرپەرشتی کاروباری بنەماڵەیی و عەشرەتی کردووە، وەک بەگ و سەرکردەیێک ئەرکی کۆمەڵایەتی زیاتر بووە لە کەسێکی ئاسایی ناو کۆمەڵ. بنەماڵەی نزیکی والی و پیاوماقووڵ و دەوڵەمەندانی چینی سەرەوەی سەردەمی خۆی بووە. شاعیر کچێکی خزمی خۆی هێناوە. لەوانەیە ئامۆزای بووبێ. دوو کوڕی لەو ژنە بووە، یەکێکیان ناوی محەمەد ڕەزا بووە، دووەمیان ئەحمەد خان. ئەمەیانی بە «کەلوەلایی» واتە بە(کەربەلایی) ناسراوە و لە تەمەنی لاویەتی سەری ناوەتەوە. شاعیر ماتەمنامەی بۆ مەرگی ئەم کوڕەی وتووە.

ئەرکەوازی ماوەیێک خەریکی کاروباری سەرۆکایەتی خێڵی خۆی بووە، لە ساڵی ١٨٠٤ لە والیی ئیلام (پشتکۆ) حەسەن کوڕی ئەسەد خان نزیکبووە، لەدواییدا برادەرایەتی بەدوژمنایەتی گەیشتۆتە ئەنجام. والی و ئەرکەوازی دەبن بەدوژمن، والی لە شاعیر بەهێزتر دەبێ بۆیە دەیخاتە بەندیخانەوە، تەنیا بەبەندکردن وازی لێ ناهێنێ، بەڵکو لە بەندیخانە بەپێوەند و زنجیر دەیبەستێتەوە، ئەو ئازارانەی شاعیر چێشتوونیەتی لە موناجاتە شیعرییەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە. ئەوەی والی لەگەڵ شاعیر کردوویەتی نموونەی دڕندەیی فەرمانڕەوا ئۆتۆکراتییەکانی سەردەمی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتییە.

هۆی ناکۆکی نێوان حەسەن خانی والی و ئەرکەوازی بەتەواوی نازانرێ، ئەوەی لەناوەوەیە گۆیا شاعیر دڵی چۆتە کچێکەوە، پێش ئەوەی خوازبێنی بکا حەسەن خانی والی ناوبانگی جوانی ئەو کچەی بیستووە و ئاگاداری ئەوە بووە کچەکە شەیدای ئەرکەوازی شاعیر بووە. لەبەر ئەوە شاعیری خستۆتە زیندانەوە ئەرکەوازی ئەگەرچی ناوی حەسەن خان وەک زۆردارێک دێنی، چونکە هەموو ئازارەکانی بەفەرمانی ئەو بووە، کەچی باس لەوە ناکا فەرمانی دەرکردبێ بۆ ئازاردانی ئەرکەوازی، هیچ جۆرە بەڵگەیێک لەم لایەنەوە لەناوەوە نییە.

بەندکردن و ئازاردانی ئەرکەوازی بووە هۆی مەینەتی و ناخۆشیی بنەماڵە و عەشرەتی. لەدوای ئازادبوونی لە بەندیخانە، ئاوارەیی و غوربەت و پەراگەندەیی بەش و چارەنووسی بوو، وڵات بە وڵات بەبێ هیوا و ئامانج دەسووڕایەوە. وەک لە هەندی لە شیعرەکانی دەردەکەوێ، لە ژیانی ئاوارەییدا ناچاربووە ڕووبکاتە خاکێکی بێگانە یا دوژمن. بەڵگە لەناوەوە نییە ئەو جێگەیە دەستنیشان بکرێ! نەوەی شاعیر دەڵێن ئەو جێیە ناوچەی کرند بووە، لەوانەیە ئەمە ڕاست بێ، چونکە تا ئێستا لە کرند بنەماڵە هەن خۆیان بەنەوەی ئەرکەوازی دەزانن. هەروەها شاعیر ئاماژە بەوڵاتی تورک زمانیش دەکا، بەڵام ناچێتە ئەقڵەوە ڕووی کردبێتە وڵاتی عوسمانی، ڕەنگە مەبەس لە وڵاتی تورک زمان کرند خۆی بووبێ، چونکە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم بۆ ماوەیێک ناوچەی کرند لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییان بووە، جگە لەوە لە سەردەمی ئاوارەییەکەیدا ئاماژە بەوە دەکا ماوەیێک لە «مەخمەل کۆ» و «یافتە»ی لوڕستان دەست بەسەربووە.

ئەرکەوازی باس لە ڕۆژگاری ئاوارەیی و دەست بەسەری دەکا لە دەرەوەی زێدی لەدایکبوونی، ئەوە دەردەخا شەو و ڕۆژ لە کووچە و بازاڕاندا بێ سەروشوێن سووڕاوەتەوە و چاوی بەخەڵکی تورک کەوتووە و زمانیانی نەزانیوە و لە قسەکردنیان نەگەیشتووە.

شاعیر لە ژیانیدا دەوڵەمەند بووە و مەقامی لەناو کۆمەڵدا بەرز بووە، لە فەرمانڕەوا و کاربەدەستانەوە نزیک بووە، چونکە ئەویش سەرۆکی بنەماڵەییێکی گەورە و تایەفەییێکی ناودار بووە، بەڵام دژی ئەو فەرمانڕەوایانە بووە کە لە سنوورەکانی کرماشان و کوردستان و خۆزستان و عوسمانی دەستدرێژییان دەکرد، ئەمەش هۆیێکی دیکە بووە تووشی بەندیخانە و ئەشکەنجە و ئازار ببێ. ئەرکەوازی بەشیعر و خوێندەواری بەربەرەکانی دواکەوتوویی دەکرد.

وا دەردەکەوێ دوا قۆناغی ژیانی ئەرکەوازی دوور لە مەڵبەندی خۆی لە وڵاتی ئاوارەیی بووبێ و، هەر لەوێش کۆچی دوایی کردبێ. سەرچاوە وا دەگەیەنێ هاوڕێیانی تەرمی مردوویان گواستبێتەوە عیراقی ئەو سەردەمە کە لەژێر دەسەڵاتی عوسمانی بوو و لە شاری نەجەف ناشتبێتیان و، گۆڕی دیار نییە وەکو هەموو ئەوانەی لە نەجەف و کەربەلا دەنێژرێن.

ساڵی مردنی ئەرکەوازی بەتەواوی نازانرێ، ئەگەر شەست تا حەفتا ساڵ ژیابێ دەبێ لەنێوان ساڵانی (١٨٣٤-١٨٤٤)دا کۆچی دوایی کردبێ، ئێمە ساڵی (١٨٤٠)مان بەڕاست زانیوە بۆ کۆچی دوایی غولام ڕەزا ئەرکەوازی.

**شیعری ئەرکەوازی**

شاعیری کوردی گۆرانزەمێن سەید ساڵحی نیعمەتوڵڵاهی ماهیدەشتی (١٨٣٤-١٩٠٧) لە بابەت غولام ڕەزا ئەرکەوازییەوە دەڵێ:

غولام ڕەزا نیتەو شۆر موناجات
جو مووسا لە توورِ قازی یەلحاجات

شیعری ئەرکەوازی بەشێکە لەو شیعرەی خاسیەت و ئەدگاری تایبەتیی خۆی هەیە، ڕەنگدانەوەی ئەو شیعرەیە کە لە نەوسوود و پاوەی هەورامانی تەخت و، تەوێڵە و بیارەی هەورامانی لهۆن لەناو خەڵکی ساکار و ڕۆشنبیر و خوێندەوار پەسەندکراون، شیعری غولام ئەرکەوازی ئیلامی دەچێتە خانەی شیعری شاعیرانی وەک میرزا شەفیعی کولیایی ئەردەڵانی و خانای قوبادی.

شیعری ئەرکەوازی لە ڕووی کێش و قافیەوە ساکار و سادەیە؛ وەکو شیعری هەموو شاعیرانی گۆرانزەمێن لە کوردستاندا. کێشی خۆماڵی دە سیلابییە، بەزۆری وەستانێک لە ناوەڕاستدا هەیە (--ب--/ ب ب ب --)، لەڕووی قافیەوە جووت قافیەیە (مەسنەوی = موزدەویج) (اا، ب ب، ج ج...) هەندێ جار شاعیر یاری بەقافیە دەکا.

شیعیری ئەرکەوازی لەڕووی ناوەرۆکەوە بەسەر ئەم مەبەستانەدا دابەش دەکرێ:



١- موناجات

ئەم بابەتە شیعرییە لەلای ئەرکەوازی لە بەرهەمی ئەدەبیدا لە هەموو بابەتەکانی دیکە زیاترە، دەتوانرێ بەشاعیری موناجات لە ئەدەبی کوردیدا ناوببرێ. لەم بابەتە شیعرە ٢٤ لیریکی هەیە، هەمووی دەکاتە ٦١٠ دێڕەشیعر (١٢٢٠ نیوە دێڕ شیعر). سەرچاوەی بنچینەیی ئەم جۆرە شیعرەی قورئان و حەدیس و قسەی ئیمامی عەلی و ڕووداوی مێژوو و چیرۆکی ئەفسانەیی و زانیاری لە بابەت ئیسلامەوەیە. لەم بابەتە شیعرەدا وشە و ڕستەی عەرەبی و مانا و وێنەی ئامادەکراوی شاعیرانی دیکە بەزۆری بەکاریان دێنێ.

لەم بەرهەمی موناجاتە شیعرییە هەشت لیریکی یەکەمی موناجاتە لەگەڵ خودا، لێی دەپاڕێتەوە، هەرچەندە هەناسەییێکی شیعەگەرییانەی تێدا دیارە، بەڵام وەک موناجاتێکی ئاسایی ئایینی ئیسلام دەکەونە بەرچاو، لە لیریکی نۆیەمەوە تا دوایی موناجاتەکانی هەموویان بەرەو ڕووی ئیمامی عەلی کراون. لەم لایەنەوە هەندێ لە موناجاتی ئاسایی ئیسلامی یا ئایینزای سوننی دەچێتە دەرەوە، چونکە موناجات یا ئیلاهییات وەک مەبەستێک تەنیا لەگەڵ خودادا دەکرێ. لەو موناجاتانەدا شاعیر ئەفسانەکانی ئایینزای شیعی دەگێڕێتەوە. شاعیر باوەڕی بەوە هەبوو کە عەلی سواری هەور بووە تا گەیشتۆتە کێوی ئەفسانەیی قاف و لەوێ هەموو پێغەمبەرانی دیوە، جگە لەوە هەندێ لەو ئەفسانانەی بۆ توانای ئیمامی عەلی هەڵبەستراون شاعیر ئاماژەی پێ کردوون.

بڵاوکەرەوەی دیوانی شاعیر لەسەر ئەو ڕایەیە کە بیروباوەڕی ئەرکەوازی لە بیروڕای یارسانەوە (ئەهلی هەقەوە) دوورە و هیچ پێوەندییێکی بەوانەوە نییە، بەڵام ئەوی ڕاستی بێ ئەوەیە بێ گومان ئەرکەوازی لەسەر ئایینی یارسان نەبووە، بەڵام وەکو شیعەییێک هەڵوێستی بەرامبەر بەئیمامی عەلی تا پلەیێک بووە لەوان نزیک بۆتەوە، یا بەشێوەیێکی دیکە مەعریفەتی شیعەی وەک ئایینزایێک لە هەستی سۆفیزم نزیک کردۆتەوە و هەردووکیانی تێکەڵ بەیەکتری کردووە، لەبەر ئەوە کە موناجاتەکانی دەخوێنینەوە هەندێ جار وەک کەسێکی سەر بەئایینی یارسان دەکەوێتە بەرچاو و هەندێ جاری دیکە وەک شیعەیێکی دوازدە ئیمامیی دەبینرێ. لێرەدا ئەرکەوازی لەڕووی بیروباوەڕی ئایینزاییەوە گەلێ لە شاعیری کوردی گۆرانزەمێن سەید ساڵحی نیعمەتوڵڵاهی ماهیدەشتییەوە نزیکە.

٢- ماتەمنامە

ئەرکەوازی دوو شیعری ماتەمنامەی هەیە بۆ ئەحمەد خانی کوڕی وتووە، کۆچی دوایی ئەم کوڕەی کارێکی زۆری تێ کردووە. شیعرەکانی بەناوی «باوە یال»ەوەن. باوە یال ناوی شاخێکی نزیک مەڵبەندی لەدایکبوونی شاعیرە، ئەرکەوازی لە موناجاتە پرسەنامەکەیدا ڕوودەکاتە باوە یال و گفتوگۆی لەگەڵدا دەکا.

٣- ئاوارەیی و دوور وڵاتی (غوربەت)

«غوربەت» ناوی لیریکێکی شاعیرە، وێنەی ڕاستەقینە و نموونەی ڕەنگدانەوەی ڕۆژانی مەینەتی

ئاوارەیی و بەندیخانەیە.

٤- غەزەل

دیوانی ئەرکەوازی دوو پارچە غەزەل دەوردەکاتەوە بەناوی «زلێخام شوران» و «زلێخام ژ چین». ئەم دوو بەرهەمە لە غەزەلی ئاسایی ئەم جۆرە شیعرەی ئەدەبی کوردی ناچنە دەرەوە، بەڵام ئەوە هەیە گومانیان لێ دەکرێ کە شیعری شاعیر بن، چونکە مەبەسەکانی دیکەی ئەرکەوازی لە غەزەل و دڵداری و ماچوموچ دوورن، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا شێوازی ئەم دوو غەزەلە لەوە دەکا لە بەرهەمی ئەم شاعیرەمان بژمێررێن.

ئەرکەوازی شاعیرێکی ناسراو و خۆشەویست بووە لە وڵاتی خۆیدا، شیعرەکانی لەسەر زاری خەڵکی بوون، نەک تەنیا خوێندەواران بەڵکو نەخوێندەواریش لەبەریان کردووە، بەتایبەتی ئەوانەی پابەندی ئایین بوون. لەبەر ئەوە دەسنووسی دیوانی زۆرە، ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی بەرهەمی شیعری لەسەر بنج و بناوانی ئەو دەسنووسانە ساغ بکرێتەوە.

## گەشتی دیوانی ئەرکەوازی

### موناجاتی خودا

لەم ماوەیەدا دوو موناجاتی خودا لە بەرهەمی ئەرکەوازی وەک نموونەیێک هەڵدەبژێرین، یەکەمیان ژمارە دووەمە و دووەمیان ژمارە شەشەمە.

لە موناجاتی یەکەمدا دەڵێ:

ڕازق ڕەززاق

یا ڕازق ڕزق ڕازق ڕەززاق
ئسای سەما و ئەرز نوە چەرخ و هەفت تاق
نەجات دەهەندەی ڕەفرەف و بوراق
حەیێ لایەنام بینای لەم یەزەل
بێ خوەردو بێ خاو یەکتای بێ بەدەڵ
قاهیر و لعەدو قەییووم لایەزەڵ
خالق مەخلووق یەکتای بێ خەلەل
نووربەخش جەلای شەمس وەلقەمەر
قازی یەلحاجات مالک مەحشەر
سەفحەی یەوم و لەیل ژە هەم سەواکەر
تەبیب مەریز مەخفی دەواکەر



غەفوور لایەزاڵ لەم یەزەڵ غەففار
ڕازق ڕزق بەخش سێ پەنج سێ هەزار
کەردیشان ژە سرِ سونعەت نەوازان
هەر یەک پەی نەوای پەی کارێ تازان
هەفت تەبەقەی ئەرز ساختی ژە وجوود
قەرار دای وەپێشت بەقەرچەنی حووت
وەلحاسڵ وەو تای یەکتائی زەینت
وەو نوور جەلای بابولحوسەینت
وەو هەزار و یەک ئسم عەزیمت
وە ئایەی تەورات مووسای کەلیمت
وە عیسا و ئینجیل داوود و زەبوور
تو خەڵق خەلیل ئاراستی ژە نوور
وە عززەت نوور ئدریس و ئەییووب
ئسماعیل ئسحاق یووسف و یەعقووب
وە سەد و چاردە سوورەی قورئانت
وە موستەفا خەتم پەیغەمبەرانت
وەلحاسیل وە جەمع گرۆی پەیغەمبەر
وە عەکس جەلای مورتەزای سەفدەر
وەو دوازدە ئیمام بەرگوزیدەی وێت
وەو جەمع خاسان گیان توفەیل ڕێت
عاسی عسیان بار دوور ژە تاعەتەم
گومرای شێت و شووم ڕای عیبادەتم
ژە خەوف پرسان مونکەر ماتشان
ژە کردار وێم خەجالاتشان
عەفوکەری ڕەدی بەدی کردارم
ئیسا ژە کەردەی وێم شەرمسارم
(غولام) کەمتەرین کەلب دەرگاتەن
چون سەنعان ژە کار کەردەی وێش ماتەن

واتاکەی:

ڕازق ڕەززاق
یا ڕازق ڕزق ڕازق ڕەززاق
ڕاگری ئاسمان و ئەرز، نۆ گەردوون حەوت تاق (ئاسمان)
ڕێ پیشاندەری ڕەفرەف و بوراق (دوو ولاغی پێغەمبەرن)
زیندووی بێ خەو چاوی نەنوستووی جاویدانی
بێ خواردن و خەو یەکتای بێ وێنە
دوژمن شکێنی هەمیشەیی
کردگاری هەموو خەڵک، تەنیا بێ کەموکوڕی
ڕووناکی دەبەخشی بەڕۆژ و مانگ
ڕازونیاز دەگەیەنی بەئەنجام خاوەنی ڕۆژی حەشری
ڕووی ڕۆژ و شەوت لە یەکتری جیاکردۆتەوە
ئەو پزیشکەی نەخۆش بەنهێنی تیمار دەکەی
هەمیشە بەتوانای و بەتوانا دەبی
ڕزقی هەموو کەسێک دەدەی
هەموو کەسێکی خوڵقێنراو و دروستکراو
هەر یەکێکی ئاراستەی کارێک دەکەی
حەوت تەبەقەی ئەرزت دروست کردووە
لەسەر پشتی مانگا و مانگا لەسەر پشتی حووت
هەرچۆنی بێ سوێند بەتاکانەی و ڕووناکیت دەخۆم
بەو ڕووناکییەی لە باوکی حوسێن (عەلی) دەپژێ
بەو هەزار و یەک ناوە مەزنەت
بەو ئایەتی تەوراتی مووسای کەلیم
بەو عیسا و ئینجیل، داوود و زەبوور
بەو ئیبراهیم خەلیلەی لە ڕووناکی خۆت دروستت کرد
بەگەورەیی ڕووناکی ئیدریس و ئەییووب
ئیسماعیل، ئیسحاق، یووسف و یەعقووب
بەسەد و چوارده سوورەی قورئانت
بەمستەفای خەتمی پێغەمبەرانت
بەهەموو نزیکانی پێغەمبەر



بەڕووناکی ڕوونی مورتەزای سەڤدەر (عەلی)
بەدوازدە ئیمامی هەڵبژاردەی خۆت
بەو پیاوچاکانەی هەمیشە لە دواتەوەن
گوناهکارم لە تاعەت دوورم
گومڕام، شێتم لە عیبادەت دوورم
لە ترسی پرسیاری مونکیر مات و خامۆشم
لە کردەوەکانم ڕوو سوورم
تۆ لە هەموو کردارە بەدەکانم خۆش دەبی
ئێستا لە کردەوەکانم شەرمەزارم
(غولام) کەمترین سەگی دەرگای تۆیە
وەکو سەنعان لە کردەوەکانی پەشیمانە

زۆربەی وشە و ڕستەی عەرەبی لەم موناجاتەدا و ئەوانی دیکەی شاعیریش ئاماژەیە بۆ ئایەتەکانی قورئان. شاعیر لە دروستکردنی گەردوون دەدوێ لەلایەن خوداوە، یادی ئەفسانەی ئایینی دەکاتەوە. ئاسمان لەسەر ئەرزە، ئەرز لەسەر ماسییە. شاعیر سوێند بەنووری باوکی حوسێن دەخوا کە عەلییە، سوێند بەناوی خودا و تەوراتی مووسا و عیسا و ئینجیل و داوود و زەبوور و، پێغەمبەرانی پێش ئیسلام دەخوا، ئینجا داوا لە خودا دەکا لە گوناهی خۆش بێ، چونکە کەمترین سەگی دەرگای خودایە وەکو شێخی سەنعان لە کردەوەکانی پەشیمانە.

لە موناجاتی دووەمدا ئەرکەوازی دەڵێ:

مەعسیەت بارم
مەعبوودا من عەبد مەعسیەت بارم
ژە فیعل قەبیح وێم شەرمسارم
وە سزای ئەعمال بەدگرفتارم
من عەبد زەلیل شەرمسار شویم
تو ڕەب راحم رەحمان ڕەحیم
بیلقووە قەلیل عەزابم کەردەن
راحم ژ رەحمەت رەحمان ویەردەن
نەئایەی کەلام مەجید ئزهارەن
سەد عسیان لاحەول یەک ئستغفارەن
من ئستغفارم کەردەن وە ئەوراد
یا غافرەتتەوب ئەغفر ئەلعیباد

یارەب وە رەحمەت ئەسامی ئەعزەم
وە پەنج فەخر ئال نەبیی خاتەم
حەق چار کتاب مەجید مەوجوود
تەورات مووسا زەبوور داوود
ئینجیل عیسا فورقان ئەحمەد
موحەممەد مەحمود ئەحمەد موحەممەد
وە رتبەی ڕەوان شای کەونەین وەقار
بێ تەعلیم عیلم عالەمولئەسرار
میعمار کەونەین کەهبای کاینات
ستوون ئەیوان سەبعە سەماوات
وە باقر وارس عیلم نەبی یین
ستوون ڕەوشەن ئاسمان دین
وە سدق سادق سددیق مەعسووم
ستوون مەزهەب وارس علووم
وەو دوو لەمعەی نوور دوو بەدر دوجا
مووسا بن جەعفەر عەلی بن مووسا
وە تەقی نەقی سالکان دین
دوو بەدر کامل دوو نوور موبین
وە پاکی تینەت ئەتهار عەسکەر
وە مەهدی هادی ئاقای دین پەروەر
وە لەب تشنەکان دەشت کەربەلا
ژە جەور زالم بەلا موبتەلا
وە موخەددەرات تەهارەت مەئاب
عسمەت نشینان پەروەردەی حیجاب

واتاکەی:

من گوناهکارم
ئەی خودا من بەندەی گوناهکارم
لە هەموو کردەوەییێکی خراپم شەرمەزارم



گرفتاری سزای کردەوە خراپەکانم
من بەندەی زەلیلی شەرمەزارم
توخودای میهرەبان و میهر بەخش و لە گوناه خۆش دەبی
هەرچی پێم کرایە کردوومە
لە خودای میهرەبان چاوەنۆڕی ڕەحمەتم
لە ئایەتی کەلامی گەورەی خودا دیارە (لا حول ولا...)
سەد گوناه بەیەک تۆبە دەسڕێتەوە
بەپاڕانەوە و موناجات تۆبە دەکەم
تۆ لە تۆبەکار خۆش دەبی لە بەندەکانت خۆش بە
ئەی خودا لە سایەی ناوە مەزنەکانت
بەپێنج گەورەکانی ئالی پێغەمبەر (ئالی عەبا)
بەهەقی چوار کتێبی پیرۆزی کە لە ناوەوەیە
تەوراتی مووسا، زەبووری داوود
ئینجیلی عیسا، قورئانی ئەحمەد
بەمحەمەد و مەحموود و ئەحمەد (هەموویان ناوی پێغەمبەرن)
بەهەقی پلەوپایەی شای هەردوو گێتی (عەلی)
بەبێ فێرکردن هەموو ڕاز و نهێنیییێک دەزانێ
میعماری هەردوو گێتی فەرمانبەری گەردوون
کۆڵەگەی هەیوانی هەر حەوت ئاسمان
بەهەقی باقر میراتگری زانستی هەموو پێغەمبەران
کۆڵەگەی ڕووناکی ئاسمانی ئایین
بەهەقی ڕاستگۆیی سادق مەعسووم
کۆڵەگەی ئایینزای (شیعە) میراتگری زانستی
بەدوو تیشکی ڕووناکی، دوو مانگی دوجا (حەسەن و حوسێن)
بەمووسای کوڕی جەعفەر و عەلیی کوڕی مووسا
بەتەقیی پاکی ڕێبەری ئایین
دوو مانگی چواردەی تەواو، دوو ڕووناکی دیار
بەهەقی پاکیەتی پاکانی عەسکەر
بەمەهدی ڕێبەر ئاغای ئایینپەروەر
بەلێوی تینوانی دەشتی کەربەلا

گیرۆدەی زوڵمی زۆرداران بوون
بەهەقی هەموو ئەو پاکانەی
مەعسوومن و پەروەردەی ئەودیوی پەردەن

لە سەرەتای ئەم موناجاتە وەکو ئەوانی دیکە لە هەندێ لە گوناهەکانی خۆی دەدوێ و لە خودای گەورە دەپارێتەوە لەو گوناهانە خۆش بێ. دیسانەوە هانا دەباتە بەر ئەو کەسانەی لەلای خودا خۆشەویستن یا ئەو کردارانەی تەنیا لە توانای خودایە و هەر خۆشی دەیگەیەنێتە ئەنجام. شاعیر ئەم هەموو وێنە و بەڵگانە دێنێتەوە کە لەلای خودا گەورەن و دەیانکا بەرەمز و بەهۆی ئەوانەوە لە گوناهەکانی خۆش دەبێ، بەلای ئەرکەوازییەوە ناوە گەورەکان زۆرن، لەوانە پێنج کەسی ئالی نەبی کە ئالی عەبایان پێ دەوترێ، پێغەمبەر و فاتیمە و عەلی و حەسەن و حوسێن، چوار کتێبی گەورە تەوراتی مووسا و زەبووری داوود و ئینجیلی عیسا و قورئانی محەمەد. هەرسێ ناوی پێغەمبەر ئەحمەد و محەممەد و مەحموود. لەدواییدا یەکە یەکە ناوی هەموو ئیمامانی شیعە دەبا. ئەمانە هەموویان لای خودا خۆشەویستن، ئەگەر لە خودا داوا بکەن، کردگار لە گوناهی ئەرکەوازی خۆش دەبێ.

### موناجاتی عەلی

لەم ماوەیەدا سێ موناجاتی عەلی لە بەرهەمی ئەرکەوازی هەڵدەبژێرین. یەکەمیان ژمارە نۆیەمە، دووەمیان ژمارە دوازدەمە، سێیەمیان ژمارە بیست و دووەمە.

لە موناجاتی یەکەمدا دەڵێ:

ئاگای سڕ غەیب
یا عەلی عالی ئاگای سڕ غەیب
گوستاخ خەلوەت بێ هەمتای لارەیب
پاک و مونەززەه موبەرا ژە عەیب
مەولای خافیقەین میر مەمالک
هادی موجتەبا رەهنمای سالک
خانەزای خالق عاری ئاب و خاک
خاجەی هەشت بەهەشت زیبەندەی لەولاک
عالیمولئەسماء عەرش ئەعزەم توور
هەم سڕ سانیع هەم سیراج نوور
ئایەتولکورسی فورقانی سانی
واقیف ژە ئیلهام حەیی رەببانی
مونشی چار کتاب موفتی چار دەفتەر



وەسی موستەفا وەکیل داوەر
مورتەزای فورقان ئیلیای (ئەلیاسی) تەورات
میعمار کەونەین ئەرز و سەماوات
شەهسوار دین شای نوسرەت شیعار
قەللاع ماددەی بتخانەی کوففار
کلید مفتاح ئەبواب خەیبەر
قازی مەنع باز ناجی کەبووتەر
فەدات بام مەزهەر کولل عەجایب
غەنی ژە ئەوساف ئاشکار و غایب

واتاکەی:

ئاگاداری نهێنیی داپۆشراو و نادیار
یا عەلی بلند ئاگاداری نهێنیی داپۆشراو و نادیار
ئاگاداری لە بارەگای خودا
پاک و بێ خەوش و دوور لە هەموو کەموکورییێک
سەرداری رۆژهەڵات و رۆژئاوا و میری هەموو مەملەکەتان
رێ پیشاندەری راستی هەموو سۆفییان
ئەی ئەو کەسەی لە ماڵی خودا (کەعبە) لە ئاو و گڵ دروست نەبووە
خاوەنی هەشت بەهەشت و شایستەی (لەولاک)
زانای ناوەکانی خودا و عەرەشی گەورە و کێوی توور
نهێنی خودا دەزانی، تۆ چرای رووناکی
ئایەتولکورسی کە قورئانی دووەمە
ئاگاداری ئیلهامی خودای گەورەی
نووسەر و دانەری چوار کتێب و دەفتەری
جێنشینی پێغەمبەر و باوەڕ پێکراوی خوداوەندی
مورتەزای قورئان، ئیلیای (ئەلیاسی) تەورات
میعماری هەردوو گەردوونی، زەوی و ئاسمانەکان
شاسواری ئایین، شای بەڵگەی سەرکەوتن
بنبڕکردن و ڕماندنی بتخانەی کافران
کلیل وکلۆمی دەرگاکانی خەیبەر

ئەی فەرمانڕەوا و ڕزگارکەری کۆتر لە زوڵمی باز
ئەی ڕەمزی هەموو سیفەتێکی بێ کەموکوڕی
بێ بەشی لە هەموو وەسفێکی دیار و نادیار

لەم دێڕە شیعرانەدا ئەرکەوازی وەک پێشەکییێک بۆ توانای ئیمامی عەلی هەڵدەڵێ. بەلای ئەوەوە عەلی ئاگاداری هەموو نهێنییێکە، بێ کەموکووڕییە، خاوەنی «بوون» و گەردوونە، دروستکەری ئاسمان و زەوییە، سەرداری هەشت بەهەشتەکەیە، نووسەر یا دانەری هەر چوار کتێب یا دەفتەرەکەیە (تەورات و زەبوور و ئینجیل و قورئان)، کەسێکە لە وەسف بەدوورە. ئەگەر بەوردی لەم قسانەی شاعیر بکۆڵینەوە بیروڕای ئایینزای سوننی ئیسلامی تێدا دەدۆزینەوە، بەڵام ئەگەر تۆزێک لە داهێنانی هونەری و ئیستێتیکی شیعری دوور بکەوینەوە (هونەرمەند بۆی هەیە هەموو شتێک بکا و بڵێ) ئەم شاعیرەمان لە بیروباوەڕی یارسان (ئەهلی هەق) نزیک دەکەوێتەوە. لێرەدا مەبەسمان ئایینی یارسانی ناو کوردەواری قۆناغی دوای ئیسلام، دەورەی عەلییە، لە پاشانا گردگارەکانیان بەپێی تیۆریی (دۆنادۆن) لە دوای عەلییەوە هەموویان کورد بوون تا ئێستاکە.

لە ئەدەبی کوردی، بەتایبەتی لە نێوەندی کوردی شیعەی ئیسلام نموونەی وەک ئەرکەوازیمان هەیە، وەکو لە سەرانسەری ئەم کتێبە دەردەکەوێ، ئەم شاعیرانە بەبیروباوەڕ موسوڵمانی شیعەن، بەڵام بەرهەمی ئەدەبییان تا پلەیێک لە بیری ئایینزای شیعە هەندێ لا دەکەوێ و لە بیری ئایینی یارسان (ئەهلی حەق) نزیک دەبێتەوە. ئەم دیاردەیە لە داهێنانی ئەدەبیدا کارێکی بەجێیە ئەگەر شاعیر بتوانێ بەرهەمی شیعری بخاتە ناو چوارچێوەیێکی جوانکاری ئەوتۆ لە ناوچەییەوە دەری بێنێ بۆ گەردوونێکی بێ پایان، شاعیر لە دوای ئەم دێڕانە دەکەوێتە باسکردنی خۆی:

هایە چەن وەقتەن عەبد سەنا گوو
ژە عەین عەزاب شەومەکەم ئەو ڕوو
تەوقم گەردەن گیر قەرە بوغرا تەنگ
زوان ژە عوسرەت لا حەول وانا لەنگ
پاقەید نە بوغاو کوند هەم عەلاوەن
شەو دیدەم ژە ئێش بوغاو بێ خاوەن
مەخلووقات عاجز شەو بیدایمەن
بێداریم ژە جەور عوسرەت باریمەن
بووم و باوەقوش ژە ناڵەم عاسەن
باوەقوش مەدهووش بووم هەم هەراسەن
مەحبووسیم نیەن وەڕەسم قانوون
تەرح تازەبوون ئختەرای ژە نوون



کوند ژە هام باڵای باڵام زیادەن
پام دوو زنجیر چار پەریش ئامادەن
ماه مویارەک مەخسووس داوەر
پەری من بیەن وە یەمولمەحشەر
فتوور بار لیو سوحوور ئاه سەرد
پووشاک پووس گیان سەرینگان ژە بەرد
کەسان مەیلشان وە خاسی نیەن
حەق نەسان نەفکر حەقناسی نیەن
قەتع ئومیدم ژە ئنسان کەردەن
ویم وە شەهنشای نەجەف سپەردەن

واتاکەی:

ئەمە چەند ماوەیێکە بەندە ستایشی تۆ دەکا
بەئازاری کوشندە شەو بە ڕۆژ دەکەمەوە
تۆق لە ملمدایە قەرەبوغرا دەیگوشێ
زمانم لەنگ بووە ئەوەندەی بڵێم لاحەولەوەلا
پێم بە کەلەپچە و کۆ بەستراوەتەوە
شەو چاوم لەبەر ئێش بێ ئارامە
هەموو کەس ئۆقرە ناگرێ لە بێداری من لە شەودا
بێداریم لە حاڵی پەریشانمەوەیە
کوندەبۆ و بایەقوش بۆ من دەناڵێنن (هەردووکیان یەکێکن)
بایەقوش مەدهۆش و کوندەبۆ هەراسان بووە
بەندکردنم بەپێی دەستوور و قانوون نییە
ئەو خراپەیەی لەگەڵ مندا کراوە داهێنانی تازەیە
کۆت و پێوەندم لە باڵام درێژترە
من دوو پێم هەیە بەڵام بەچوار زنجیر بەستراوە
مانگی پیرۆز (ڕەمەزان) کە مانگی خودایە
بەڵام بۆ من وەک ڕۆژی حەشری لێهاتووە
لە ڕۆژوو شکاندنم لێوم بەبارە لە پارشێو هەناسەم ساردە
جلم پێستەی لەشمە، سەرینم بەردە

خەڵکی مەیلیان بۆ کاری باش نییە
بەڕاستی بیر ناکەنەوە و ڕاستی پەرست نین
ئومێدم لە ئادەمزاد بڕیوە
خۆم بە شەهنشای نەجەف سپاردووە (عەلی)

لەم چەند دێڕانەدا ئەرکەوازی دەکەوێتە وەسفی پەرێشانی خۆی بۆ ئیمامی عەلی. ئاه و هەناسەیێکی بەکوڵ هەڵدەکێشی بۆ ڕۆژگارانی سەختی بەندیخانە. باس لەو ئێش و ئازارانە دەکا کە لە وزەی ئادەمزاد نەبووە بەرگەی بگرێ، لەدواییدا بەم دێڕانە کۆتایی بەموناجاتەکەی دێنێ:

یاشا فەدای کلک موعجیز نمات بام
سەرگەرد ئەنگوشت خەیبە گوشاد بام
دەست بە دولات مەر تەبدیل بیەن
عەلاقەت ژە زڵم زاڵمان نیەن
بلا تەش مەر زوو بازووت نەمەنەن
زاڵم رای نەجات ژە مەزلووم سەنەن
وەکو چی ئەو زوور بازوێ عفریت بەن
کوو ئەنگوشت فەتح باب خەیبەرکەن
یا عەلی بیەن بەنەی بێ تەقسیر
یەی گەردەن دوو تەوق دوو پاچار زنجیر
زام زەنجیرەش من زینهار کەردەن
زەنجیر ها نەپا تەوق ها نەگەردەن
دشوارتەر نیەن ژە قاپی خەیبەر
یا غەوسولغالیب یا ساقی کەوسەر
هەنی نەداروم من قووەی عەزاب
(فەرریجنا عەننی) یا نوسرەت مەئاب
ئەی حازیرولوەقت جارِ هانائ
تو دەسگیر دەس ناتەوانائی
غەیر ژە تۆ باشا فەریاد ڕەس نیەن
کەس عیلاج نمای کار کەس نیەن



واتاکەی:
ئەی شا فیدای ئەنگوستی پڕ لە موعجیزەت بم
دەست و پەنجەی خەیبەر گوشات بم
دەستی خودایی تۆ خۆ نەگۆڕاوە
پێوەندیت بەزوڵم و زاڵمان نییە
هەرچەندە تۆ دووربی هێز و بازووت توانای هەیە
نایەڵی زاڵم ڕێی ڕزگاربوون لە مەزلووم بگرێ
ئەو ڕۆژەی بازووی عفریت
بەئەنگوستی دەرگای خەیبەری کردەوە
ئەی عەلی بگەرە بەندەی بێ گوناه
دوو تۆق لە گەردن و چوار زنجیر لە پێ
برینی زنجیر ئارامی لێ بڕیووم
زنجیر لەپێیە تۆق لە گەردنە
لە دەرگای خەیبەر دژوارتر نییە
ئەی غەوسی سەرکەوتوو (شێخی گەیلانی) ئەی ساقی کەوسەر
ئیتر هێزی بەرگریم نەماوە لە ئازار
ئەی خاوەن سەرکەوتن ڕزگارم بکە
ئەی ئەو کەسەی لە کاتی خۆیدا دەگەیە هانا
هەمیشە بەفریای بێ توانایان دەگەی
جگە لە تۆ ئەی شا بەفریاگەیشتن نییە
کەس چارەی دەردی کەس ناکا

لەدوای باس کردنی شپرزەیی حاڵی خۆی و ئازاری جەستەیی لەم دێڕانەی سەرەوەدا گەڕاوەتەوە سەر وەسفی توانای عەلی و، داوای لێ دەکا ئەو مەینەتییەی بەسەری هاتووە بۆی حسێب بکا و تۆڵەی بکاتەوە و جارێکی دیکەش لە گوناهی خۆش بێ.

لە موناجاتی دووەمدا شاعیر دەڵێ:

ئیعجازات کامەن
یا موعجیز نما ئیعجازت کامەن
دایم وە دەرگای تو ئیلیتجامەن
ئیلیتجام ژە هەوڵ خەوف و رەجامەن

مەدداحیت ورد شام و سەبامەن
قەڵبم ژە لای تۆ قایم مەقامەن
مەجمووعەی مەخلووق وەنەم بیرامەن
یا ساقی کەوسەر مەیل شەفامەن
یا غەوسولغالیب بە ئیقتیزامەن
بەشەرت تەریق خاجە و غولامەن
من غولام تو نامم غولامەن
غولامیم وە شەوق حەسب و ڕزامەن
ئەر نجات مەدەی حەدد ئیکرامەن
ونە غولامیم وەنەت حەرامەن

واتاکەی:

کوا ئیعجازت

ئەی خاوەن موعجیز کوا ئیعجازت
هەمیشە هانام بۆ دەرگای تۆیە
هانام هیواییێکە لە ترس ڕزگارم دەکا
ستایشی تۆ ویردی شەو و ڕۆژمە
دڵم پڕ لە ئومێدە بۆ لوتفی تۆ
گەلێ خەڵک وێڵ و سەرگەردانن
ئەی ساقی کەوسەر داوای شیفا دەکەم
ئەی بەهانا گەیشتوو ئومێدم هەیە
ئەمە ڕێگەی عەهد و پەیمانی خواجە و غولامانە
من غولامی تۆم ناوم (غولام)ە
غولامیم (خزمەتکاریم) بەشەوق ڕەزامەندی خۆمە
ئەگەر من ڕزگار دەکەی ئەوە لوتف و ئیحسانە
ئەگینا بەندیی و غولامی من بەرامبەر بەتۆ حەرام دەبێ

لەم موناجاتە کورتەدا ئەرکەوازی لەڕووی باوەڕێکی هوشیارانە خۆی بەبەندەی عەلی دادەنێ، بەلایەوە ئەگەر ئیمام تۆسقاڵێک گومانی لە بەندەیی شاعیر و گەورەیی خۆی هەبێ پێویستە ئەم پێوەندییە هەڵبوەشێتەوە. ئەمە ئاوڕدانەوەییێکی شیعرییانەیە، ئەگینا شاعیر لەناوەوەی خۆی لەوە دڵنیایە کە خۆی بەندەیە و عەلی گەورەیە و هەردووکیشیان ئاگاداری ئەم بیروباوەڕن و پێی ڕازین.



شاعیر وەکو دیارە لەم پارچە شیعرەدا یەکێتیی قافیەی بەکارهێناوە، ئەم جۆرە قافیەیە لە شیعری گۆرانزەمینی کوردستاندا کەمە، زۆربەی هەرەزۆری قافیەیان جووت قافیە (مەسنەوی، موزدەویج) (اا ب ب جـ جـ...)ە

موعجیز بێ پایان

یا موعجیز نمای موعجیز بێ پایان
یا نەقش زینەت ئایەی کەلامان
یا شەهنشای دین ئامان سەد ئامان
یا بەد خودا سڕ لاهی زات
وەکیل کەونەین کەهیای کاینات
چیەن ژە بارەم زڵم بێ سامان
یا شەهنشای دین ئامان سەد ئامان
یا کەعبەی مەقسوود یا قیبلەی حاجات
یا مەنسوور دین یا ناجی نەجات
یا دەس بالای دەس نام بالآی نامان
یا شەهنشای دین ئامان سەد ئامان
یا مورەی بن قەیس وە دونیمەکەر
یا قاپی خەیبەر قیمە قیمەکەر
یا کام دەهەندەی جوملە ناکامان
یا شەهنشای دین ئامان سەد ئامان
یا خەلیفەی حەق ڕوی خوم غەدیر
ژە لوتف عامت باوەڕم و ویر
یا خاستر ژە کول خاسان و عامان
یا شاهنشای دین ئامان سەد ئامان
تا شاهێ وێنەی تو ئاقای وێمەن
دیگەر ئیلیتجا و ئومێد وە کێمەن
غەیر ژە تۆ وەکی بووم دەس وەدامان
یا شەهنشای دین ئامان سەد ئامان

واتاکەی:

ئەی خاوەن موعجیزەی بێ پایان
ئەی موعجیزە بەخش، ئەی خاوەن موعجیزەی بێ پایان
ئەی خاوەنی نەخشی ئایەتی قورئان
ئەی شاهنشای ئایین ئامان سەد ئامان
ئەی دەستی خودا، تۆی ڕازی خودا
ئەی وەکیلی هەردوو گێتی و گەورەی گەردوون
لەبارەی منەوە زوڵمێکی زۆر کراوە
ئەی شاهنشای ئایین ئامان سەد ئامان
یا کەعبەی پێویست یا قیبلەی حاجات
ئەی سەرکردەی ئایین ئەی ڕزگارکەر
ئەی دەست باڵا ناوت لەسەر هەموو ناوێکە
ئەی شاهنشای ئایین ئامان سەد ئامان
ئەی ئەوەی موڕڕەی بن قەیست کرد بەدوو نیوە
ئەی ئەو کەسەی دەرگای خەیبەرت پارچە پارچە کرد
ئەی ئەو کەسەی چاکە دەدەیە ناکامان
ئەی شاهنشای ئایین ئامان سەد ئامان
ئەی جێگری هەق (خودا) لە ڕۆژی غەدیری خوم
بەزەییت بۆ ئێمە بێنەوە بیرت
ئەی چاکتر لە هەموو خاس و عامان
ئەی شاهنشای ئایین ئامان سەد ئامان
تۆ شاھ و وێنەی گەورەی منی
لە تۆ بەولاوە ئومێدم بەکەس نییە
جگە لە تۆ دەست و دامەنی کێ بم
ئەی شاهنشای ئایین ئامان سەدە ئامان

شاعیر لەم موناجاتەیدا دەستی پان کردۆتەوە و ڕووی لە ئاسمان کردووە، گفتوگۆ لەگەڵ عەلی دەکا، لە زۆربەی نیوە دێڕ شیعرەکانیدا بە یا (ئەی) بانگی دەکا و سیفەتەکانی کردگاری بۆ دەژمێرێ و داوای لێبوردنی لێ دەکا، ئەم موناجاتە و زۆربەی موناجاتی ئەدەبی کوردی و ئەدەبی گێتی لە هەموو ئایین و ئایینزا ئاسمانییەکان و ئایینەکانی دیکە تا دەگاتە بت پەرستەکانیش لە ڕۆژگارانی دێرین و تازە و سەردەمدا لەلایەن هیچ کەسێکەوە ڕەت ناکرێتەوە، ئەو کەسە لەسەر هەر ئایینێک بێ.



ئەم موناجاتەی ئەرکەوازی لەسەر بنچینەی چوارین (دوو بەیت) دانراوە، لەدوای هەموو سێ نیوەدێڕ شیعرێک چوارەمیان دووبارە و سێ بارە دەبنەوە «ئەی شاهنشای ئایین ئامان سەد ئامان».

### باوەیال - ١

ئەم بەرهەمەی ئەرکەوازی یەکێکە لە شیعرە درێژەکانی، لە زیاتر لە سەد نیوەدێڕ شیعر پێکهاتووە، دەتوانرێ بەپۆیێم یا قەسیدەییێکی درێژ ناوببرێ. باوەیال لە «بابا عەڤدال» یا «بابا عەبداڵ»ەوەیە، ناوی شاخێکە لەو ناوچەیەی شاعیری تێدا لەدایکبووە. ئەم شاخە نزیکەی حەفتا کیلۆمەتر لە شاری ئیلامەوە دوورە و لە دەوروبەری سنووری ئێران و عیراقی ئێستادایە، دار بەڕوو لە دارستانەکانیدا گەلێ زۆرن.

وا باوە ئەحمەدخانی کوڕی شاعیر لەم شاخەدا ماری پێوەداوە و بۆتە هۆی مردنی. لەم شیعرەیدا بەشین و شەپۆڕ و وتەی ماتەمنامە ڕوو دەکاتە شاخ و بۆ کوڕی خۆشەویستی دەلاوێنێتەوە، لە سەرەتای شیعرەکەدا دەڵێ:

وە باوە یاڵ دیم
ئەو ڕوو وا وەیلا وە باوەیاڵ دیم
هاواس پەریشان حاڵش حاڵحاڵ دیم
سەر تا بەرگش سیا زخاڵ دیم
سەر قولەی کاوان وە سیا تەم دیم
درەختان ژ غەم چو چوگان چەم دیم
داران درەختان کەلاغی پووش دیم
کەپوو کەم دەماغ بلبل خامووش دیم

واتاکەی:

لە باوەیاڵ دیم
ئەمڕۆ لە باوەیاڵ وا وەیلام دی
هەوەسی پەرێشان بوو حاڵی ناحاڵ بوو
سەراپای بەرگی ڕەنگی ڕەشی زوغالی بوو
سەر قولەکان تەرمی ڕەش داپۆشت بوو
درەختەکان چەمابوونەوە وەک گۆچان
دارودرەخت ڕەشیان پۆشی بوو
کەپوو هۆشی لە خۆی نەماوە، بلبلم بەخامۆشی دی

سروشت بە شاخ و دارودرەخت و بەردەوە ڕەشی پۆشیوە و لەگەڵ شاعیر شێوەن دەکا. باڵندەکان شێواون باڵندەییێکی بچووکی وەکو کەپوو لە هۆشی خۆی چووە و بلبل خامۆش بووە. ئینجا دەڵێ:

کەپوو وەو شین گاڵ کەرمەوە
چمان مردەی داشت وە روو تەرمەوە
من و باوەیاڵ عەهدمان کەردەن
من غەم و ئەو تەم تا ڕووژ مەردەن
ڕوولە یە ئاسار شکارگاهتەن
یە چاگەی کەڵڕەم شوون ڕاهتەن
ئەرا چو جاران دیارت بنەن
مەر گڵکوو وە بان مەزارت بیەن
گڵ وە بانم کەن گڵ وە بانت دیم
ئێ دنیا وە کام دژمنانت دیم
کەلێ ژە کەلان مەخواس مزگانی
ئەحمەدخان مەردەن وە نەوجەوانی
بێ تو چو ماهی ئوفتادەی خاکم
بەرگم پەلاسەن جامە چاکچاکم
ڕوو لە ژە هیجرت ئەفسوردە گیانم
جز ڕوو ڕوو گوو نیەن زوانم
میقراز مەرگت تێژ باڵم کەنەن
شوور و شەوق و زەوق زنگانیم سەنەن
شەو خاوم شەریک تاف تێژاوەن
یا حوباب نەڕوو گیژە گەرداوەن

واتاکەی:

شێوەن و ئاه و ناڵەی کەپوو گەرم بوو
جەستەی خۆشەویستی وەک تابووت وابوو
من و باوەیاڵ پەیمانمان بەست لەگەڵ یەکتری
من غەم و ئەو تەم تا ڕۆژی مردن
ڕۆڵە! ئەمە شوێنەواری ڕاووشکارتە
ئەمە ئەو ڕێگەیەیە کە تۆ بەسەری تێپەڕیوی
لەبەرچی وەکو جاران دەرناکەوی



دیارە خۆل بەسەر مەزارتەوەیە
کە خۆڵ بەسەرمەزاری تۆ بێ پێویستە لەسەری منیش بێ
ئەم گێتییە بەچاوی کامە دوژمنانت ببینم
مژدە بدە بەلوتکەییێک لە لوتکەکان
ئەحمەدخان بەلاوی سەری نایەوە
بەبێ تۆ وەک ماسی گیرۆدەی خاکم
بەرگم پەڵاسە جلم دڕاوە
ڕۆڵە! لە دووری تۆ گیانم پەرێشانە
جگە لە «ڕۆڵەڕۆ» هیچی دیکە ناکەوێتە سەر زارم
حەژمەتی مەرگت پەروباڵی کردووم
جموجۆڵی و نیاز و چێژی لێ سەندووم
بەشەوان خەوم نییە هاودەمی دەنگی سولاوکەم
یا وەک حوبابێک (قەوزەیێک) دەکەوێتە بەر ڕەشەبا

لەم دێڕە لاواندنانەوەیەدا ئەرکەوەزاری دەڵێ لەگەڵ باوەیاڵ پەیمانمان بەستووە من غەم و ئەو تەم تا ڕۆژی مردن لێیان دوورنەکەوینەوە. ئاوڕدانەوەییێکی شیعرایەتی جوانە، باوەیاڵ بێ تەمومژ نابێ، ئەرکەوازیش لەبەر ئەحمەدخان تا مردن بێ غەم نابێ، چونکە ئەو کوڕە جوانەمەرگ بووە، باوکی بۆی سووتاوە بەرگی پەلاسە و هەناسەی تێدا نەماوە. شاعیر لە ماتەمنامەکەی بەردەوامە:

شەو تا رو رۆژ تار هەردگ تار وە من
دڵ چو تافەی ئاو بێ قەرا و وە من
چو سەید زەردەی تیر گرفتار وە من
چو وی نەروو ئاو لەرزان کار وە من
کراسی چاکچاکی یەخە دڕیامە
چو سەید زەخمی ژە کەل بڕیامە
فەدای گالاگاڵ ڕاوچیانت بام
شەل و پەل کەفتەی ئاهوانت بام
فەدای مەکەنزی ئاتەشبارت بام
بەزم بێ هەماڵ رووژشکارت بام
مەکنزیت ساختەی دەس حەسەن بوو
جەوماغ نوور عەلی کەریم پەسەن بو

واتاكەی:

شەو ڕۆژم بێ تۆ تیر و تاریكە
دڵم وەک تافگەی ئاو بێ ئارامە
وەک ڕاوچی گرفتاری زەدەی تیر بووم
وەک ئەو ئاوەم لێهاتووە لە قەراغ ڕووبار دەلەرزێ
كراسم پارچە پارچە بووە، یاخەم دڕاوە
بە برینی ڕاو لە خەڵكی جیابوومەتەوە
ڕۆڵە! قوربانی های های ڕاوچیانت بم
قوربانی مامزانی شەلوپەلی كەوتوانت بم
قوربانی تفەنگی مەكەنزی (ناوی تفەنگە)ت بم
قوربانی بەزموڕەزمی ڕۆژی ڕاووشكارت بم
تفەنگی مەكەنزی تۆ حەسەن دروستی كردبوو
(حەسەن ناوی وەستای تفەنگەكەیە)
چەخماغی تفەنگ نوور عەلی دروستی كردبوو

لەم دێڕە شیعرانەیدا ئەركەوازی هەندێ وێنەی هونەری دادەهێنێ وەک ئەوەی لەلای ئەو تەنیا شەو تاریک نییە، بەڵكو ڕۆژیش تاریكە لەبەر مردنی كوڕەكەی، ئینجا دەكەوێتە ژماردنی كردەوە جوانەكانی وەكو ڕاوكردنی نێچیر و پسپۆڕی لە كاروباری ڕاووشكار. بەم جۆرە لەسەر هۆنینەوەی شیعرەكەی دەڕوا تا دەڵێ:

هانای هامدڵان زامم كاریەن
ئەلئەمان دەردم نادیاریەن
زامم كاریەن كارچیەن ژە دەس
مینای شكەستەم نمەبوو پەیوەس
شەو وە پەژارە رووژ وە هوڵمەن
چو سەرەی ئاسیاو دووما دووڵمەن
هەر چگە مەیەم دەلاڵەت وە دڵ
دەی دەلاڵەتە هوچ نیەكەم حاسڵ
هەر چگە مەیەم هور وە فامەوە
نیشتەجانیەن دڵ وە لامەوە
خیاڵ پەرگەنەی دڵ تەرەف تۆنم



چو فەرهای شەهید پای بێستوونم
خیالان سەنەن ژە دیدەم خاوان
شەوان گووش مەیەم وە تافەی تاوان
غەم و غوسسەگەت بوو وە پەژارەم
بوو وەئێشی سەخت كەفت نەگلارەم
عاجز وێنەی مرخ شكستە باڵم
مەلان كوان مەلوول ژە حالم
فەلەک وەفیكەی پاپیام كەردەن
شەوگارم شوومەن نازارم مەردەن
غەم خۆراكمەن غەم خەڵاتمەن
یە ئاخر سلات رووژ نەهاتمەن
بیان بنوورن وەی زاریمەوە
وەی كووس كەفتەی دیاریمەوە
وێنەی سەر سەوز كڵاوە كەنە
پەرپووم ژە دەور گوولاوان مەنە
دوەی دەروونم كوان تەم كەردەن
دڵم خاپوورەن شادیم ڕەم كەردەن
ئالوودەی دەردم شكستە باڵم
مدام پەشێوم دایم حاڵحاڵم

واتاكەی:

ئەی هاودڵانم بەهانام بگەن برینم كارییە
بەفریام بكەون دەردم نادیارییە
برینم كارییە، چارەی نییە
مینای شكاوم، شتی ترم پێویست نییە
شەو بەپەژارە ڕۆژ بەناسۆری
وەک بەرداش ئاوی لێ بڕا بێ
هەرچەندە لەم دیاردەیەی دڵ ورد دەبمەوە
هیچم دەست ناكەوێ

هەرچەندە هۆش و فامم بەکار دێنم
کەڵکی نییە و دڵم ئۆقرە ناگرێ
خەیاڵم پەڕاگەندە و دڵم لەلای تۆیە
وەک فەرهاد شەهیدی دامەنی بێستوونم
خەیاڵ ڕۆیشتوو، چاوم لە خەوە
بەشەوان گوێم لە خوڕەی ئاوانە
غەم و ناڵە بۆ تۆ، بووە بەمایەی پەژارەی من
بووە بەئێشێکی سەخت و کەوتۆتە ناو چاومەوە
مەلوولم وەک باڵندەی باڵ شکاو
باڵندەکان بۆ حاڵی من غەمبارن
گەردوون بۆ حاڵی من پەرێشانە
شەوانم شوومە، نازدارم مردووە
غەم خۆراکمە، غەم خەڵاتمە
ئەمە نیشانەی ڕۆژی دوایی و نەهاتیمە
وەرن بنوارِنە گریە و زاریم
چۆن کۆستم کەوتووە تەماشاکەن
وەک باڵندەی ئاوی تەڕپۆشم
پەڕ و باڵم لەناو ئاودا خنکاوە
دوکەڵی دەروونم شاخ تەماوی دەکا
دڵم ڕازاوەتەوە و شادی لێم دوورکەوتۆتەوە
باڵم شکاوە دەردەدارم
پەرێشانم و بێ حاڵ کەوتووم

لەو دێڕانەدا شاعیر کۆمەڵێک وێنە دروست دەکا، بەڵگەی وا دێنێتەوە هەر شتێک ڕەسەن و تاک و تەنیا بێ ئاوزەی نەبێ و لەناوبچێ زبانێکە جێی پڕ نابێتەوە، وەک توحفەییێکی یەکجار جوانی لە شووشە دروست کرابێ، ئەگەر ئەو شووشەیە وردوخاش ببێ جێی پڕ نابێتەوە، دڵشکانی شاعیر لەم بابەتەوە بۆ کۆچی دوایی ئەحمەدخانی کوڕی وەک ئەو شووشەیە وایە جێی پڕ نابێتەوە.

ئەرکەوازی لەسەر شیعرەکەی دەڕوا تا دەڵێ:

شەرت بوو بپووشم جامەی قەترانی
چو مەجنوون بنەم سەر نەوێرانی



شەرت بوو خۆراکم وە لەختەی خون کەم
وە ناخون سینەم چو بێستوون کەم
شەرت بوو ئەندام پڵاس نیشان کەم
شەو تا سوو قووقووی بایەقوشان کەم
تا رووژ مەردەن سیا بەرگم بوو
ئێ بەرگە کفن رووژ مەرگم بوو
ئەو ڕووژە مووران سەرکەن وە گیانم
نەمینێ ژەگووشت غەیر لە سخانم
شەوگار تا وە رووژ کارم زاری بوو
شیعارم ئەفغان بێ قەراری بوو
بنوورِن خەڵقان روخسارم زەردەن
تا باچن غولام ئەحمەدش مەردەن
چاوم کەفت ئەو زێد مینگەی هەر جاران
زێد هەر ئەو زێدەن لێش نیەن باران
دەنگ دووس نیەن مرخ دڵ مەردەم
زنگانیم بیەن وەبار گەردەن

واتاکەی:

شەرت بێ جلی ڕەشی قەترانی بپۆشم
وەکو مەجنوون لە بیابانی وێراندا بژیم
پەیمان دەدەم خۆراکم خوێن بێ
سنگم وەک بێستوون بتراشرێ
پەیمان بێ ئەندامم وەک پەلاس پیشان بدەم
شەو تا بەیانی وەک بایەقوش بخوێنم
تا ڕۆژی مردنم بەرگم ڕەش بێ
ئەو بەرگە ببێتە کفنی ڕۆژی مەرگم
ئەو ڕۆژەی مار و مێروو سەردەکەنە گیانم
گۆشتم نامێنێ و هەندێ ئێسقان نەبێ
شەوگار و ڕۆژگارم هەمووی ڕاز و نیاز بوو
ناڵە و ئەفغان و بێ ئۆقرەیی دروشمم بوو

تەماشاکەن خەڵکینە ڕوخسارم زەردە
بۆ ئەوەی بڵێن چونکە غولام ئەحمەدی لە دەست چووە
چاوم بەمەڵبەندی زیندەگانی جاران کەوت
زێد هەر ئەو زێدەیە بەڵام یاران نەماون
دەنگی دۆستان نییە باڵندەی دڵ مردووە
زیندەگانی بووە بەباری قورس لەسەر گەردنم

لەم دێڕە شیعرانەدا ئەرکەوازی بەڵێن دەدا جلی ڕەش بپۆشێ، لە وێرانە بژی وەک مەجنوون، خۆراکی خوێن بێ شەو تا بەیانی لەگەڵ کوندەبۆ بژی، لە ماتەمنامەکەیدا دەگاتە ئەو بڕە شیعرەی هەرچی ناخۆشی هەیە بۆ خۆی تێیدا دەخوازێ:

بیـــــــــــلا بـتـکـێ زووخ ژە چـاوانم
تا بووگـــە ڕەنگ وەس یەقـــە و دامـــانم
بـیـــــــــــــلا بمـرم هــەروەی دەردەوە
وەی دەرد گــــران وەر مـــە گـــــەردەوە
بـیـــــــــــــلا بمـرم هــەر وەی دەردەوە
ســـــەربنەم ئەوبـان ســـان ســـەردەوە
بـیـــــــــلا بمـرم هـەر وەی داخـــــــەوە
شـــــەوان تیـــــەرک بێ چراخــــەوە
بـیـــــــــلا بمـرم وەنم بـچـــــوو زوور
زرەی خـــاک بێڵ زەینـم بکـەی کـــوور
بیـــــلا بمرم بیــــاوان بـوو جـــــێم
هامـــدەمـــان بیـــان نەزانن من کـــێم
بـیــــــــلا بمـرم ڕازیم وە مـــــــەردەن
مـــەردەن بێـــتـــرە ژە زووخـــاو خـــوەردەن
بیـــلا قـــەورەکـــەم نەڕێ خـــێـــڵان بوو
نـەڕێ نـازاران کـــــەژ وە پـێـــــڵان بـوو
بیـــلا قـــەورەکـــەم ژە قـــەرەوێل دوو بوو
نـزیـک وە نـەجـــــەف داخڵ وە نـوور بـوو



واتاکەی:

با خوێن و کێم لە چاوم بتکێ
بە یەخەو دامانم بێتە خوارەوە
با هەر بەم دەردەوە بمرم
بەو دەردە گرانە کە چارەی نییە
با هەر بەم داخەوە بمرم
سەر بنێمە سەر بەردی ساردەوە
با هەر بەم داخەوە بمرم
شەوانی تاریکی بێ چرا
با بمرم و ئێشی و ئازار لێم دوورکەوێتەوە
دەنگی هەڵکەندنی زەوی هۆشم بکاتەوە
با بمرم و بیابان جێگام بێ
دۆستانم بێن و نەمدۆزنەوە
بابمرم من بەمردن ڕازیم
مردن خۆشترە لە خواردنەوەی زاخاو
با گۆڕەکەم لەسەر ڕێی خێڵان بێ
لە ڕێی نازداران و جوانانی ڕەنگین پۆش
با گۆڕەکەم لە گۆڕەکانی دیکە دووربێ
نزیکی نەجەف و لەناو ڕووناکی (نوور) بێ

ئەم هەموو بەڵگانەی شاعیر بۆ مردنی خۆی ئەنجامی ئەوەبوو لەدوای جوانەمەرگی ئەحمەدخانی کوڕی ژیان بۆ خۆی ڕەوا نەبینێ، خۆشیی لەوەدابوو بەزووترین کات بچێتە لای ئەو. شاعیر بەم دێڕانە دوایی بەشیعرە درێژەکەی دێنێ:

عـــزرایل وە قـــەرار گـــیـــانم شـــرینەن
وە چاگـــەی مـــەچم کـــەس کـــەس مـــەوینەن
ســـزاش تاریکەن گـــوزەرگـــاش تەنگەن
نـــە یـــار نـــە دیـــار نـــە شـنـــەی دەنـــگـــەن.

واتاکەی:

عزرایل گیانم شیرینە لەسەرخۆ بیکێشە
بۆ جێیێک دەچم کەس نەمبینێ

گۆڕەکەم تاریک و تەنگە
نە یار نە نیشتمان کەسی لێ نییە.

لەم دێڕانەی دواییدا ئەرکەوازی بەخەیاڵ گەیشتۆتە ئامانجی و بەمردن شادبووە بۆ ئەوەی لە کوڕە جوانەمەرگەکەی نزیک ببێتەوە. ئەم شیعرە نموونەیێکی بەرزە لە مەبەسی ماتەمنامە لە ئەدەبی کوردیدا.

## باوەیاڵ -٢

ئەم قەسیدەیە پێوەندی بەقەسیدەی پێشەوە هەیە، لێرەدا شاعیر بەختیاری پێش مردنی کوڕی لەگەڵ بەدبەختی پاش ئەو مردنە تێکەڵ بەیەکتری دەکا، لەم بابەتەوە دەڵێ:

وە باوەیاڵ دیم
ئیمرووژ واوەیلا وە باوەیاڵ دیم
ئیمرووژ کوو خەم کوو زخاڵ دیم
داران نەتەکلیف سەنگ نەفەغان دیم
مرغان مردە موو کول وەحشیان دیم
پرسیم باوەیاڵ یە چ زاریتەن
بە چ زەمزەمە و عەزاداریتەن
باوەیاڵ پەری پەی نەوجەوانی
پەی نەوچە و نەوتوول ساحیب شەشخانی

واتاکەی:

لە باوەیاڵ دیم
ئەمڕۆ واوەیلا لە باوەیاڵ دیم
ئەمڕۆ شاخەکان وەک زوخال کەوتنە بەرچاوم
درەختان پەژمردە و بەردان دادیان بوو
باڵندە و دڕندان وەک مردوو کەوتنە بەرچاوم
پرسیم باوەیاڵ ئەمە چی شین و زارییە
ئەم شین و واوەیلایە و تازییەتان بۆچییە
باوەیاڵ ئەمەی بۆ نەوجەوانییە
بۆ ناسک و نازدارێکی خاوەن تفەنگی شەشخانە

شاعیر ڕەنگدانەوەی هەستی دەروونی ناوەوەی لە باوەیاڵ دەبینێ، باوەیاڵ لە شین و شەپۆڕدایە، بووە بەڕەمزی شاخی غەم و پەژارە، درەخت و بەرد و باڵندە و جانەوەر دەناڵێنن. لێی دەپرسی: ئەی باوەیاڵ



ئەم هەموو شین و واوەیلایە بۆچییە؟ باوەیاڵ تەڕ و ئاودار و جوانە وەک تفەنگی شەشخانە، ئەو تفەنگەی ئەحمەد خان بەکاری دەهێنا. دەنگ و سەدای تفەنگ لەناو دۆڵی کێوی باوەیاڵ دەنگ دەداتەوە، ئەمە جێی ڕاووشکار و تەڵەدانانەوەیە، ئەی کوڕی خۆم لە سایەی ئاڵای تۆ نەحەسامەوە و لە داخی تۆ منیش مردم. ئینجا بەم دێڕانە وەسفی ڕاووشکاری ئەحمەد خان دەکا:

ڕمەی ماردەمی ژەی دەروونەوە
ئێ کاو ژە ئوو کاو دەنگ مەسەنەوە
یەجای تەلارگاو جای شکارشە
جای نەشات کول سوو ئێوارشە
شوون تەلارگای میرزام دیارەن
کەلەی کەل دێدا کە لە مەنارەن
بەسە من مردم ژە داخت ڕووڵە
نەنیشتم نەسای بەیراخت ڕووڵە

واتاکەی:

گرمەی تفەنگی ماردەم لەناو دۆڵدا
دەنگ و سەدا دەداتەوە
ئەمە جێگەی ڕاووشکاریەتی
جێی جموجۆڵی بەیانی و ئێوارانیەتی
شوێنی مەڵبەندی میرزام دیارە
جێ لوتکەی ڕمبازی لەبەر چاوە
ئەی ڕۆڵە ئێستا من مردم لە داخی تۆ
لە سایەی ئاڵای تۆ نەحەسامەوە.

لەم دێڕانەدا ئەرکەوازی باس لە تفەنگی ماردەم دەکا، ئەمە ناوی تفەنگێکی ئەو سەردەمەی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەمە، هەروەها باس لە شوێنی ڕاووشکار و سەیرانگای ڕۆڵە جوانەمەرگەکەی دەکا. ئینجا بەم دێڕانە کۆتایی بەشیعرەکەی دێنی:

واران مەوا ڕوو سەونز نەکەی گیا
خەڵکان بنیشن نەخاک سیا
واران مەواروو شەونمەداران
کەو نە شاقنێ سوو نە ساران
کاوان کورتەچین قەڵەم نەپووشێ

ژە ئەووەل کووره وەهار نەجووشێ
کوور پەکەناچان نەڕەسن وەبەخت
شای چو کەیخوسرەو نەنیشێ ئەو تەخت
کەپوو نەنیشێ ئەو تەل داران
بلّبلّ نەخوەنێ نەغمەی وەهاران
کەپوو بەد دەماغ بلّبلّ مەیهووش بوو
داران درەختان کول سیاپووش بوو (Kiwli)
بەرزان بلّێنان داران درەختان
چونا بێ غەمن خوەزەو وە خوەتان
نەو توولّ نەمامێ پەی وێم کەردم سەوز
سای نە دیدەم بو چو سەول نە روو حەوز
فەلەک هات بەردەی وە نەوەوایە
سەولّم ئەلّکەنیا من مام بێ سایە
ستوون یانەم تاشا وە تێشە
نەوتوول نەمامم کەنی ژەڕێشە

واتاکەی:

باران نەبارێ گیا سەوز نابێ؛
با خەلّکی لەناو خاکی ڕەشدا بژین
بەشەوان نمە نمی باران نییە
بەیانییان لە نساراندا کەو ناخوێنێ
شاخەکان جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگ ناپۆشن
لە سەرەتای بەهاردا گولّ ناپشکوێ
کەناچان بە بەختی خۆیان شاد نابن (شوو ناکەن)
شای گەورەی وەک کەیخوسرەو لەسەر تەخت دانانیشێ
بالّندەی کەپوو لەسەر چلّی داران دانانیشێ
بلبل نەغمەی بەهاران ناخوێنێ
کەپوو مێشکی تێکچوو بلبل مەدهۆش بوو
دارودرەخت بێ گولّ سیاپۆش بوون
ئەی دارودرەختانی بەرز



ئێوە بێ غەمن خۆزگەم بەخۆتان
تووله نەمامی تەڕ و ئاودار و سەوز
سەولّ لێدانی سەر ڕووی حەوز ڕەنگی لە چاوم داوەتەوە
گەردوون هات بە ناوەخت بردی
سەولّی هەلّکەندنم بێ سایە مایەوە
کۆلّەکەی مالّم ڕووخا
تووله نەمامم لە ڕیشە دەرهێنرا

لەم دێڕانەدا ئەرکەوازی بەکولّ بۆ خۆی دەگریێ و دەلاوێنێتەوە: باران نابارێ، گیا شین نابێ، خەلّکی لەناو خاکی ڕەش و بەدبەختیدا دەژین، شاخەکان بەرگی ڕەنگاوڕەنگ ناپۆشن، لە جەنگەی بەهارا گولّ ناڕوێ، کچان ناگەنە بەختی خۆیان (شوو ناکەن)، کەیخوسرەو لەسەر تەختی شاهی دانانیشێ، کەپوو لەسەر لقی دار نابێ، بلبل نەغمەی بەهاران ناخوێنێ، کۆلەکەی مالّی ڕووخاوە، سەروی تازە نەمامی لە ڕیشە هەلّکەندراوە. ئەمە هەمووی لەبەر مردنی ئەحمەد خانی جوانەمەرگ بوو.

## غوربەت، ئاوارەیی

شیعرێکی ئەرکەوازی بەم دێڕانە دەست پێدەکا:

ژە غەم قالّ بوای
یاران چو تلّا ژە غەم قالّ بوای
ڕاهی واو ڕەحمەت لایەزال بوای
یا واریدە وە زێد باوەیالّ بوای
چەشمەی هانی سەونز سەروێشە و مەیان
کەفت نەخیالّم وێنەی بیماران
بنیشتا واو برج سەرچەشمەی هانی
فاریغ بکردای زەمانەی فانی
بنوشیای ژەو ئاو پاک و زلالّە
ژەو سەرچەشمە و حەوز کەوسەر میسالّە
سەیر بکردان نەخاک گەرمەسێر زەمین
جەوەلّ جەوەلّان شوون مالّ جەمین
جەوەلّ جەوەلانگ وە جاهلی دیم
جەوەلّ پا بەرجا من ئاوارە بیم

یافته سەراوناز سوو ئێوارەمەن
مەخمەل کوو ماوای بەدقەرارەمەن
بەرزی بەڵەوان شووخی نەوەکوو
چو تەم دیارەن ڕوو وەیانەم ڕوو
گەردش فەڵەک سامانم کەنەن
هەوام و هەوەس جاران نەمەنەن
موفلیس و بەدبەخت ستارە لێڵم
مدام چون ئەنجوم نەگەیشت و گێڵم
مسکین و غەمگین وێنەی غەمباران
دەرمەنە و بێکەس نەگووشەی شاران
مەگێڵووم نەدەور کووچە و بازاران
بەڵکم یاری کەی تا لەم چوو جاران

واتاکەی:

لە غەم قاڵ ببی
یان وەک زیو لە غەم قاڵ ببی
ڕێگەی دڵسۆزی و دڵارامی بگری
یاخود بگەڕایتەوە باوەیاڵی زێدی خۆت
سەرچاوەی (هانی سەونز) و (سەرویشە) و (مەیان)
وەک برینداران کەوتە خەیاڵم
لەو بورجەدا ئاوی سەرچەشمەی هانی بنۆشی
ئەو زەمانە لەناوچووە لەبیر بکەی
لەو ئاوە پاک و زوڵاڵە بنۆشی
لەو سەرچاوەی حەوزی وەک کەوسەرە
سەیری ئەو خاکەی گەرمەسێرم بکردایە
لە ماڵ و شوێن و مەڵبەندی یاران بگەڕامایە
ئەو کێو و جەنگەڵانەی بەلاویەتی دی بووم
هەموویان لە جێی خۆیانن بەڵام من ئاوارە بووم
لە شاخی یافتە بەیانی و ئێوارە بیردەکەمەوە
جێگەی ژیان و مەڵبەندی منە



بەرزی و بڵندی و جوانی شاخی نەوەر
وەک تارماییییێک دیارە لە ماڵی منەوە
سووڕانی گەردوون سامانی بردم
هەوا و هەوەسی جارانم نەماوە
بێ چارە و بەدبەخت ئەستێرەم لێڵە
وەکو ئەستێرەکان لە گەردش و هاتوچۆ دام
بێ نەوا و غەمگین وەک هەموو غەمباران
دەربەدەر و بێ کەس لە گۆشەی شاران
دەگەڕێم لە دەوروبەری کووچە و بازاڕان
بەڵکو بگەڕێمەوە دۆخی جاران

لەم بڕە شیعرەدا ئەرکەوازی هەوڵ دەدا ئامۆژگاریی دانایانە بەرامبەر بەژیان بخاتە ڕوو و، ڕێگە بەئاسۆی بیرەوەری و یادی دەدا بەشێوەییێکی فراوان لایێکی گەورە بگرێتەوە. یادی شاخی «یافتە» دەکاتەوە کە ناوی لوتکەییێکە لە شاخەکانی خوڕەم ئابادی لوڕستان. هەروەها یادی «سەراوناز» دەکاتەوە کە دیمەنێکی جوانی ناو ئەو شاخەیە و جێی خەوهێنان و حەسانەوەی ئادەمزادە، ئینجا لەسەر شیعرەکەی دەڕوا و دەڵێ:

غەریب نەشاران ئەگەر وەشا بوو
ساحیب تەنتەنە و تیپ و سپابوو
سپای ژە سپای سا جەمشیر نەکەوم
گووشەی دەروونی مدام ها نەغەم

واتاکەی:

بێ کەس لە شاران با شەهنشابێ
خاوەنی تەنتەنە و تیپی سوپا بێ
سوپای لەوەی جەمشید کەمتر نەبێ
بەدبەختە ئەگەر ناخی دەروونی پڕ لە غەم بێ

لێرەدا شاعیر ئەوە دەردەخا کە ئاوارەیی کارێکی قورسە لە ژیانی ئادەمزاد، هیچ جیاوازییێک لەناوەوە نییە ئەگەر ئەو ئاوارەیە شاهنشا و خاوەن سوپا بێ، یا کەسێکی هەژاری بێ دەسەڵات بێ. ئەرکەوازی لەسەر شیعرەکەی دەروا و دەڵێ:

هامراز ترکان نەزان زوانم
دوورم ژە یاران هەمکەلامانم

ئاوارەی وەتەن خەیال پەرگەنە
خەیالان خاوان ژە دیدەم سەنە
تاڵەی بەخت ویم ها نەکەمینم
ڕووژێ ک مەچوو پێشتر خەمینم
هەرچەن من بەندەی کەمینەی کەم فام
عاسی مەینەتبار سەرسەری سەرسام
ئاوارە و پەشێو سەودام هانەسەر
دەسم دامانت یا ئاقای قەنبەر

واتاکەی:

هاوڕێیەتی تورکم کرد، زمانیان نازانم
لە یارانی هاوزمانانم دوورم (هاوزمان مەبەسی کوردە)
ئاوارەی نیشتمانم، زۆر پەرێشانم
خەو لەناو چاومدا نەماوە
تالی بەختم چۆتە کەمینەوە
ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر غەمگین دەبم
هەرچەندە من بەندەی کەم فامم
لە خودا عاسی و مەینەبار و سەرسەری و سەرسامم
ئاوارە و پەشێوم، بگەرە فریام
دەستم داوێنت ئەی ئاغای قەنبەر

ئەرکەوازی لەم دێڕە شیعرانەدا ئەوە دەردەبڕێ، لە ژیانی ئاوارەییدا لە تورک زمانان نزیک بۆتەوە، زمانیانی نەزانیوە، ئەمەش بووە بەکێشەیێکی دیکەی سایکۆلۆجی، هەروەها دەڵێ دوورم لە یارانی لە زمانم دەگەن، ئاوارەی نیشتمانم وێڵ و سەرگەردان و بێ شوێن. هاوار دەبا بۆ ئاغای قەنبەر (عەلی) بەفریای بگا و لەم مەینەتییە ڕزگاری بکا. ئینجا بۆ حاڵی خۆی دەلاوێنێتەوە:

هەی دوو یەک هاورد دوو مێردی نەردم
هەی نسیو وە خاک موخالیف بەردم
سەد لەعنەت وەی بەخت سیای تار من
وەی مەحروومی سەیر نەوبەهاری من
قاقولەی کەوکان وە دارانەوە
نەشنەفتم وە لووت ئەنارانەوە



هەی ئارەزوومەند کاومانێشت بووم
دیدە حەزرەتمەن هام دەمان گێشت بووم
نەنیشتم ئەو بان دیزە کەمەردا
نەکردیم ئمسال سەیر و سەفەردا
نەنیشتم ئەو بان دێزە کەمەردا
نەکردیم ئمسال سەیر و سەفەردا
پەی دین تفلان هەمزوان ویم
هەر وەختە بکەم قەسد گیان ویم

واتاکەی:

لە یاریی نەرد دوو یەکم هێنا
لەمەدا سەرنەکەوتم و دواکەوتم
سەد لەعنەت لە بەختی ڕەشی من
کە منی بێ بەش کرد لە سەیرانی بەهار
دەنگی خۆشی کەوەکانم لەسەر داران نەبیست
لەسەر لقی دار هەناران
زۆر ئارەزووی شاخی (مانێشت) بووم
ئارەزووی بینینی هاوڕێ و هاودەمانم دەکرد
لە دەوروبەری (عەودالان) گەشتم نەکرد
ئەمساڵ سەیرانم نەکرد وەک سالانی پێشوو
نەچووم بۆ (دیزەکەمەر)
ئەمساڵ سەیران و سەفەرم نەکرد
لە دەردی دووری منداڵانی هاوزمانم
خەریکە گیانم دەردەچێ

لەم دێڕانەدا ئەرکەوازی بێزاری لەو دڵتەنگییە دەردەبڕی کە ئارامی لێ بڕیوە، لەعنەت لە بەختی ڕەشی خۆی دەکا، چونکە لە سەیرانی نەوبەهاری کردووە، نەیتوانیوە بەشاخی خۆشەویستی (مانێشت) شاد بێ، بۆی نەکراوە هەموو یارانی بەسەر بکاتەوە، وەکو سالانی پێشوو سەیرانی عەودالان بکا. ئەمساڵ نەچۆتە (دیزەکەمەر)، ئەم هاوینەهەوارەی پێ خۆشە ئاواییێکە نزیک جێی لەدایکبوونی شاعیرە. لە حەژمەت دووری لە منداڵەکانی خەریکە لە پەلوپۆ دەکەوێ.

لەدواییدا شاعیر بەم دێڕانە دوایی بەشیعرەکەی دێنێ:

بچیام ئەو سەر ئێڵ پەرگەنە
قەوم و ئەقرەوای جەور ژە جاکەنە
تا گەر ئاوازەم پەخش بوانە عام
هاتە جاگەی وێش هاتەوە (غولام)

واتاکەی:

کەوتمە سۆراغی ئەو ئێلە پەڕاگەندەیە
قەوم و خزم و کەسوکاری ستەمدیدە
کە ئەم قسانەی من بڵاو دەبێتەوە
(غولام) دەگاتەوە زێد و مەڵبەندی خۆی

ئەستووری بیروڕای ئەرکەوازی ئەوەیە گەڕانی بەشوێن ئاوارەیی و پەڕاگەندەیی بنەماڵە و ئێڵ و عەشرەتی، بەوە ڕاست دەبێتەوە خۆی بگەڕێتەوە زێدی لەدایکبوون و ماڵی یەکەم و جاری جارانی.

## زولەیخام ژە چین

قسە لەسەر ئەم شیعرە هەیە کە لە دانراوەکانی ئەرکەوازی نییە، بەڵام بۆ کەسێکی دیکەش ساغ نەبۆتەوە. لەبەرئەوەی نرخێکی هونەری هەیە و لە شێوازی شاعیریشەوە دوور نییە و لە شیعری ڕەندی دیوانی کوردی دەژمێررێ لەبەرئەوە تۆمار دەکرێ:

زڵەیخام ژە چین
چین زڵف سەنەن ژە خەیاتەی چین
ژە تاوس توغرای ئەڵوانی مشکین
عەتریات ژە عەتر ڕیح ژە ڕەیاحین
ژە غەوواس قەوسین غەزاجوو پڕ کین
عەین ژە غەزالان وەحشی بەعید بین
عشق ژە کەمووتەر قووتە ژە بوورچین
چالاکی ژە باز هەڵمەت ژە شاهین
گوناش ژە گوڵنار لێوە ژە لەعڵ کان
فەم ژە یەنابیع سەرچەشمەی حەیوان
دنان چو سەدەف یا لوئلو مەرجان
زەنەخ ژە لیموو زنج ژە زەرفنجان
گەردەن ژە مینای بەزم ئارای کەیان



پێچان وە گەردەن بلوورین حەیان
سینەش ژ سەدەف یا ژە تەختەی عاج
خاڵان مەوەردن ژە ماچین خەراج
یان ژە تەسویرات شاپوور نەساج
یان دانەی ئەلماس نەسب جیقەی تاج
مەمان ژە ڕومان یا لیمووی نەوڕەس
یا ژە شەمامان نەوخیز یانیمڕەس
کەمەر چو جەیران حەواڵان ماوا
شەفەین شەعشەعەی زەرد خوەراوا
قەیام ژە سەوڵان قامەت ژە پەری
شوعاع ژە خورشید شەوق ژموشتەری
وەفا ژە شیرین تاقەت ژە لەیلی
نیم نیگا مەکەرد هەم وەبێ مەیلی
هەم لەیل هەم شیرین هەم گوڵەندامەن
پووسەنمایان دیدەی غولامەن

واتاکەی:

زولیخای چین
زولفی چین چینە بەوێنەی چین
لە تاوس بەرگی ڕەنگین و خۆش بۆی وەرگرتووە
بۆنی لە عەتر و ڕەیحانەوە وەرگیراوە
دوو کەوانی ئەبرۆی لە شەڕوشۆڕی پڕ گێن وەرگرتووە
چاوی لە مامزی کێوی دووربین وەرگرتووە
عەشقی لە کۆترەوە بەهێزی لە باڵندەی ئاوییەوە
چالاکی لەباز و هەڵمەت لە شاهێنەوەیە
کوڵمی لە گوڵنار لێوی لە لەعل
دەمی لە کانی و سەرچاوەی ئاوی ژیانەوەیە
ددانی وەک سەدەف یا لوئلوء و مەرجان
چاڵی چەناگەی لە لیمۆ و فینجانی زێڕین وەرگرتووە
گەردنی مینای بلوورینی کۆڕی کەیانییانە

بسکی لە سنگ و گەردنی بلوورینی ئالاوە
سنگی لە سەدەف یا لە تەختەی عاج
خاڵی سەر ڕووی لە وڵاتی چین و ماچین خەراج وەردەگرن
یا نەخشێک بوو لە نەخشەکانی شاپوور
یا دانەی ئەڵماس کە تاجی نەخشاند بوو
مەمکی لە هەنار لە لیمۆی تازە
یا شەمامەی تازە پێگەیشتوو
ناوقەدی مامزی پڕ لە جموجۆڵی
دوو لێوی زەردەی خۆرئاوا دەپژێنێ
بالاّ وەک سەروو قامەت وەک پەری
ڕووناکی لە ڕۆژ شەوق لە موشتەری
وەفا لە شیرین توانا لە لەیلێ
ئەگەرچی تەماشای کردم بەڵام بێ مەیل بوو
هەم لەیلایە، هەم شیرینە هەم گوڵەنام
چاوی (غولام) پڕ لە خۆشی دەکا.

زولەیخا لە ئەدەبی کوردیدا وەک بووکی شیعر چۆتە ناو بەرهەمی ئەدەبییەوە. ئەم زولەیخایە کچی تەیموورسی شای مەغریب زەمین و هاوسەری عەزیزی میسر پووتیفار یا (فووتیفار) بووە، پێوەندی بەیووسف پێغەمبەرەوە بووە و ناوی لە تەورات و قورئاندا هاتووە، ئەو کچە ڕەمزی جوانی بووە. شاعیر دەڵێ زولەیخای ئەو لە چینەوە هاتووە، زوڵفی چین چینە، واتە وەک زولەیخا جوانە. لە هەموو شتێک لە تاوس و لە بۆن و عەتر و ڕەیحان دەکا، باس لە ئەندامانی لەشی دەکا، برۆ و چاوی مامزی، سیفەتەکانی کۆتر و باز و شاهێنی هەیە، ڕوومەتی گوڵنار، لێوی لەعل، دەمی سەرچاوەی ئاوی ژیانە، ددانی سەدەف و لوئلوء و مەرجانە، گەردنی بلوور و پرچی وەکو مارە، سنگی سەدەفە یا ددانی فیل لە سپیەتی خاڵەکانی باج لە وڵاتی چین و ماچین وەردەگرن. ڕوومەتی ئەو ئەڵماسەیە تاجی شاهانی ڕازاندۆتەوە. سنگی باغی هەنار و لیمۆ و شەمامەی تازەیە. ناوقەدی مامزییە، باڵای سەرووی ڕەوانە، قەشەنگی لە ڕووناکی ڕۆژ و شەوقی لە موشتەری وەرگرتووە، وەفا لە شیرین، توانا لە لەیلا. بێ مەیلی لەگەڵدا مەکەن خۆشەویستی ئەرکەوازییە. هەم شیرین و هەم گوڵەنامە، چاوی (غولام) پڕ لە هەیبەت و شکۆ دەکەن.

***

غولام ڕەزا ئەرکەوازی یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی لوڕستان و گۆرانزەمینی کوردستان. شاعیرێک بووە هەموو ژیانی ئەدەبی بۆ شیعری ئایینی (موناجات و ئیلاهییات و ستایشی ئیمامی عەلی) تەرخان



کردووە. شەقڵی تەواوی ئایینزای شیعەی ئایینی ئیلام بەڕوونی لە شیعریدا دەردەکەوێ، گەلێ جار لەژێر پەردەییێکی تەنکی سۆفیزم لە ئایینی یارسان (ئەهلی هەق) نزیک دەبێتەوە، هەر چۆنێ بێ شیعری نموونەی شیعری ئایینی بەرزە لە ئەدەبی کوردیدا.

زمانی شیعری ئەرکەوازی شیرینە، هەرچەندە شەقڵی ڕۆشنبیری سەردەمی خۆی ڕوون و ئاشکرایە لە بەرهەمیدا، بەڵام هەندێ جار لە شێوازی ئەدەبی میللی نزیک دەبێتەوە، واتە شیعری بۆ نێوەندێکی فراوانی کۆمەڵی دەوروبەری خۆی وتووە لە ڕۆشنبیر و خوێندەواری بەرزەوە تا ئەو کەسانەی خوێندەوارییان کەم بووە، سنووری داهێنانی ئەرکەوازی لە چوارچێوەی ئایین و ماتەمنامە و ئازاری گیانی و لەش نەچۆتە دەرەوە، لە ئاییندا هۆگری عەلی بووە، بەمردنی ئەحمەد خانی کوڕی پشتی شکاوە، بە بەندیخانە و ئازار تووشی مەینەتی بووە، لەبەر ئەوە دڵداری و خۆشی ژیان لە بەرهەمی شاعیردا جێگەیان کەمە.